**گۆڤاری قەڵای زانست**

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان لە بەرەنگاربوونەوەی گەندڵی لە هەرێمی کوردستان

**د.هۆشیار مزەفەر عەلی**

بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی ئاداب, زانکۆی صلاح الدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

Hoshyar.ali@su.edu.krd

**نەجمەدین حسن مستەفا**

بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی ئاداب, زانکۆی صلاح الدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان عێراق

Najmh211@gmail.com

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن:٢٠٢٠/٩/١٥

پەسەندکردن:٢٠٢٠/١٠/١٨

بڵاو کردنەوە: زستانی ٢٠٢٠

**ووشە سەرەکییەکان**

*public relations, strategy, society, Kurdistan, KRG*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.5.4.10

## پوختە

توێژینەوەیەکی وەسفییە ، بەمەبەستی بەدەستهێنانی داتا و زانیاری ورد و درووست میتۆدی رووپێویمان بەکارهێناوە، ئامانجی توێژینەوەکە بریتیە لە لێکۆڵینەوە لە پەیوەندیە گشتییەکان و گۆڕاوەکانی نێوپەیوەندییە گشتییەکان سۆنگەی ئەو میکانیزم و بەرنامە و ستراتیژ و تیۆرانەی کە پێویستن تا ڕای گشتی دroووست بکەن بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندییە باڵاکانی کۆمەڵگا

نموونەی ئەم توێژینەوەیە بریتین لە کارمەندانی پەیوەندییە گشتییەکان کۆی ئەو وەزارەت و فەرمانگانەی کە لە هەیکەلی کارگێرییاندا وەزارەتەکەیان بەشی پەیوەندییە گشتییەکانیان هەیە، کە ژمارەیان (108) کارمەند فۆرمەکان (لەماوەی نیوانی 1-8-2020 تاکۆ 1-9-2020 ) دابەشکراِن و کۆکراِنەوە ، گرنگترین کەرەستەکانی کۆدرنەوەی زانیاری بریتی بوون لە چاوپێکەوتن و تێبینی و فۆرمی ڕاپرسی ، فۆرمە ڕاستیەکە لە 24 پرسیاری سەرەکی پێکهاتبوو.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کەرەستە ئامارییەکان بە پرۆگرامی (SPSS)کە بۆ شیکردنەوەی داتاکان و دەرخستنی ئەنجامەکان بەکارهاتووە.

گرنگترین دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتی بوو لەوەی پەیوەندییە گشتییەکان رۆڵی کارا و بەرچاوی هەیە لەدروستکردنی ڕای گشتیدا، ستراتیژ و میکانیزم و بەرنامەی تایبەتی خۆی هەیە بۆپرسەگرنگەکان. ئەمەش پاڵپشت بە دەرئەنجامی ڕاپرسیەکەمان کە زۆرترین لێتوێژراوانی توێژینەوە بەرێژەیی 75.56% لەگەڵن، هەروها ڕای گشتی لە دیدی کۆمەڵگە و دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان بایەخێکی زۆری پێدراوە بەرادەیەك مانا و ئاماژە و ناولێنانی خۆی هەیە کە لە هێنانەدی رگەزە سەرەکیەکانی ڕای گشتیدا، رای گشتی گوزارشتە لە رای زۆرینە و ئیرادەی گەل کە زۆرترین لێتوێژراوانی توێژینەوە بەرێژەیی83.33% لەگەڵن.

هەروەها ئەم توێژینەوەیە کۆمەڵێ ڕاسپاردەی خستەڕوو کە ئەوەش پەیوەندییە گشتیەکان لە هەموو دامەزراوەکانی دەوڵەت وا دەخوازێ بەشێکی تایبەت و سەربەخۆ بە پەیوەندییە گشتییەکان هەبێ و پاشکۆی هیچ بەشێکی دیکە نەبێ و پێویستە لە زانکۆ و پەیمانگا و دامەزراوە زانستیەکاندا وەك بەشێکی سەربەخۆ بخوێندرێ.

## 1. پێشەکی:

پەیوەندییە گشتییەکان وەك چالاکیەکی مرۆیی لە کارگێڕیدا فەلسەفەیەکی تایبەتی بەخۆی هەیە، وابەستەی چەندین فاکتەر و گۆڕاوە وەك فاکتەری سیاسیی پڕاکتیزەی دەستکەوت و ئامانجەکان دەکات. هەندێ کەس پێیان وایە پەیوەندییە گشتیەکان هونەرێکی لێهاتوانەیە لە مامەڵەی نێوان تاکەکان و کۆمەڵگا و دامەزراوە و ئیدارە و بەدیهێنانی دوو توخم کە بریتین لە ڕازیکردن و چەسپاندنی متمانە و لێك تێگەیشتنی نێوان ئەم دووانە، ئەو لایەنەش ڕاستیەکی ڕوونی بۆ شارەزا و توێژەڕان و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بایەخپێدەڕانی ئەم بوارە ڕوونکردۆەتەوە بەوەی پەیوەندییە گشتییەکان تەنها هونەرێکی لێهاتوانە نییە کار دەکاتە سەر جەماوەر لە زەمەن و شوێنێکی دیاریکراودا، بەڵکو زانستێکە ڕێسا و بنەمای خۆی هەیە کاتێك لە دیاریکردنی میکانیزم و بەرنامە و تیۆرەکانی ڕەفتاری مرۆیی (تاك و گرووپەکان)دا بەشداری دەکات، کاتێك بە شێوەیەکی بیری یەکگرتوو و هەمەلایەن لە ڕێکخستنێکی باڵای ئەو برە زۆرەی پەیوەندییە مرۆییەکان گوزارشتی لێدەکرێ کە پێویستی بە پلان دارشتنێکی زانستی تایبەت و کاریگەر هەیە و پشت بە توێژینەوە و دەستنیشانکردن وەك شێوازێکی زانستی ورد دەبەستێ. هەورەها لە هەردوو لایەنی زانستی و پراکتیکیەوە لە بنەماکانی کۆمەڵناسیدا ڕۆڵی خۆی دەبێ .

یەکێك لە بنەماکانی پەیوەندییە گشتییەکان بریتیە لە پێوانە و شیکاریکردنی ڕای گشتی لەڕێگەی ڕەفتاری تاك و گرووپەکانەوە دێتە کایەوە. ئەم توێژینەوەیە ڕای گشتی وەکو شێوازێکە لە هەڵسەنگاندنی زانستی ئاوێتەی ئەمشدەخاتە ڕوو بە بایەخدان بە ، چەمك و ئامانجی پەیوەندییە گشتیەکان و گرنگترین ئەو باسوخواسانەی کە تاووتوێیان دەکا .

لە ڕای گشتیدا کۆمەڵگا و دامەزراوەکان و دەوڵەت بەشداریان دەبێ، دەبێتە ڕایەکی گشتی نموونەیی و جدی لە چارەسەرکردنی ئەو کێشە و بەربەستانەی کە ڕووبەڕووی دەوڵەت دەبنەوە و بەتایبەت لە کاروبارە مەترسیدارەکانی وەك گەندەڵی ئیداری و دارایی و ئەخلاقی، ئەوانەش پەیوەستن بە چەقی توێژینەوەکەی ئێمەوە و تیایدا باسمان لە چەمکی گەندەڵی و میکانیزم و بەرنامە و تیۆر و ستراتیژەکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیمان کردووە وێڕای تاوتوێکردنی ڕای گشتی و ئەمشلە ڕووبەڕووبونەوەی گەندەڵیدا. هەروەها ڕۆڵی میدیا و ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە هۆشیارکردنەوە و ڕۆشنبیری بۆ سنوردارکردنی گەندەڵی و درووستکردنی ژینگە و کۆمەڵگایەکی تەندرووست و دەستپاك و درووست لە پێناو ئایندەیەکی گەش بۆ ئەو نەوانەی کە لە پاشەڕۆژدا وڵاتەکە لە هەموو هەڕەشە و مەترسییەك دەپارێزن.

## تەوەری یەکەم

## چوارچێوەی توێژینەوە

### 1-کێشەی توێژینەوەکە:

هەموو توێژینەوەیەك بە كێشەیەك دەست پێدەكا، كێشەی توێژینەوە بریتیە لە پەیوەندی نێوان دوو گۆڕاو یا زیاتر، یا بریتیە لە پرسیارێکی تەمومژاوی یا دۆخێکی دیاریکراوی ناڕوون، ئێمە دەمانەوێ وەڵامی ئەو پرسیارە تەمومژاوییە بدەینەوە یا لە دۆخە نا ڕوونەکە تێ بگەین (الزيباري 2011، 97). كێشەی توێژینەوە بریتیە لە چڕكردنەوەی بابەتەكە لە پرسیارێكی كورت و سەرەكیدا، پێی دەڵێن كێشەی توێژینەوە یا پرسیاری توێژینەوەكە و كە پرسیاری سەرەكی توێژەرە و توێژەر خولیای دۆزینەوە و دەستكەوتنی وەڵامەكەیەتی (د. شوانی 2015، 202)

داڕشتنی كێشەی توێژینەوە یەكێك لە سەرەكیترین ئەو ئەركانەی كە توێژەر لە توێژینەوە زانستیەكەیدا دایدەڕێژێ و لە ڕێگەیەوە دەتوانێ بابەتەكان دیاری بكا و ئینجا ئاوێتە و تێكەڵهەڵكێشی یەكتریان بكا، ئینجا بابەتەكە شی دەكاتەوە و ئەنجام و ڕەگەز و ئامانجەكانی بەشێوەیەكی تێروتەسەل و لە چوارچێوەیەكی زانستی ورددا دیاری دەكات. توێژینەوەی بابەتیانە بریتیە لە دەستنیشانكردنی هەمەلایەنی ئەو پرس و بیرۆكەیەی كە توێژینەوەی بۆ ئەنجامدراوە و پێویستی بە توێژینەوە و لێكۆڵینەوە هەیە. ئەو بیرۆكە و دۆخ و دیاردەیەی كە تیایدا باسمان لە (ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان لە بەرەنگاربوونەوەی گەندڵی لە هەرێمی کوردستان ) كردوە، بۆ خۆی وەكو چالاكیەكی میدیایی گرنگ دەردەكەوێ و لەسەرەتا سەدەی بیستەم دەركەتووە، هەڵبەت بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی بابەتی پەیوەندییە گشتییەکان هەر لەسەرەتای بوونی مرۆڤایەتیەوە لەسەرزەوی هەبووە بەڵام بە گشتی چەمكی پەیوەندییە گشتییەکان چەمكێكی تازەیە و تازە گرنگیەكەی دەركەوتووە بەتایبەت پاش ئەو پێشكەوتنە گەورە و هەڵكشاوەی كە لەسەرجەم ئاستەكانی ژیانی تەكنیكی و تەكنۆلۆژی هاتۆتەئاراوە دەكەرێت توێژەر كۆی كێشەی توێژینەوەكە كورت دەكەمەوە لەو پرسیارانەی خوارەوە

1 .ئایا پەیوەندییە گشتییەکان لە گواستنەوەی ڕاستەقینەی نێوان دامەزراوە (حکومەت) و كۆمەڵگە ئامانج و بەرپرسیارەتی هەیە یا نا؟

2 .بەرپرسیارەتی پەیوەندییە گشتییەکان لە دەزگاکاندا، ئەوەیە بەرژەوەندی جەماوەر بکاتە کارێکی سەرەکی ئیدارەدانی پەیوەندییە گشتییەکان؟

3 .رۆڵی پەیوەندییە گشتیەکان و ڕای گشتی لە دروستکردنی میکانیزم و بەرنامە و تیۆر و ستراتیژ بۆ بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی چییە؟.

3 .گرنگی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیەی ئێمە کە تیشکی خستوەتە سەر بابەتی پەیوەندییە گشتییەکان، بە فۆرم و وێنە و تایبەتمەندی و ئەرك و پێناسە و پەیوەندی و تێگەیشتنە هاوچەرخەکەیەوە وەك کۆڵەگەیەکی سەرەکی زانستی و هونەری زانستە مرۆییەکان، لە ئاڵوگۆڕی ئەو ڕێسا زانستیانەی کە لە بواری پەیوەندییە گشتییەکاندا پەیرەو کراون و لە ڕێگەشیەوە میکانیزمێکی زانستی گیراوەتەبەر بۆ توێژینەوە و لێکۆڵینەوە و بیرکردنەوە

لێرەوە توێژینەوەکەمان بایەخ و گرنگی ڕاستەقینەی خۆی بەدەست دەهێنێ، بە ئامانجی درووستکردنی پەیوەندیەکی هەمەجۆر و جیاواز تا لە ڕێگەیەوە بیر و ڕای گشتی درووست بکەین و ئەو ڕای گشتیەش بخرێتە خزمەت تەواوی دەمودەزگاکان و خودی کۆمەڵگاش لە درووستکردنی ژینگەیەکی پاك و خاڵی لە دیاردەی گەندەڵی.

4 .ئامانجەکانی توێژینەوە:

ئامانجی توێژینەوەکە بریتیە لە:

1- لێکۆڵینەوە لە پەیوەندیە گشتییەکان و گۆڕاوەکانی نێو پەیوەندییە گشتییەکان لە سۆنگەی ئەو میکانیزم و بەرنامە و ستراتیژ و تیۆریانەی کە پێویستە ڕایەکی گشتی تایبەت و باڵا دروست بکەن.

2- پەوەندییە گشتییەکان بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندییە باڵاکانی کۆمەڵگە، ئەوەش لە بابەتێکدا کە بە گرنگترین ئەو بابەتانە دادەنرێ کە ڕووبەڕووی دامەزراوە و گرووپ و تاکەکان دەبێتەوە.

3- لە بابەتی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی کە ئێستا بووەتە گەورەترین بەربەستی بەردەم نەتەوە و میللەتان لە هێنانەدی ژینگەیەکی تەندروست و ڕاستی وا کە بکرێ لە ڕێگەیەوە ئایندەیەکی گەش و ئارام بکێشن.

تەوەری دووەم

پەیوەندیە گشتیەکان و ڕای گشتی و گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان

یەکەم:پەیوەندیە گشتیەکان و ڕای گشتی و گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان  نێوان واقیع و ئامانجدا

ئامانج و بەرپرسیارەتی پەیوەندییە گشتییەکان و ئەرك و گرنگی و توخمەکانی ڕای گشتیی پێویستی بە هەوڵ و توانای زۆر گەورە هەیە بۆ هێنانەدی و پراکتیزەکردنی لە دامەزراوە نێودەوڵەتیەکان و دامەزراوە میدیاییەکان و بە تایبەت کاتێك پەیوەندی نێوان دامەزراوە و کۆمەڵگە دیاری دەکرێ، کاتێك دەزگای پەیوەندییە گشتییەکان بەرپرسە لە داڕشتنی پێوەر و هەلسەنگاندن و لێکدانەوەی ئاراستەکانی ڕای گشتیی و کاریگەری دەوڵەت و دامەزراوە.

گومانی تێدانییە کە هەڵسەنگاندنی واقیعی پەیوەندییە گشتییەکان و ڕای گشتیی لە هەرێمی کوردستان پێویستی بەو هەوڵ و تەقەلایانە هەیە کە پێشتر سەبارەت بە جیاوازیەکانی سیستەم و فۆرمە سیاسییەکان و جۆر و پێکهاتەی سیستەمی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی هەر دەوڵەت و هەرێم و کەرتێك لە جیهاندا باسمان کرد، لە نەگۆڕە مێژوویی و گۆڕاوە جوگرافی و ڕەنگدانەوەی کەلەپورە کولتوری و فیکرییەکاندا جیاوازی زۆر هەیە، ئەو فاکتەر و گۆڕاوانەش کار دەکەنە سەر داڕشتنی فۆرمی پەیوەندییە گشتییەکان و ڕای گشتیی بە شێوەیەکی گشتیی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕاستیەکەی چالاکی پەیوەندییە گشتییەکان و پەیڕەوکردنی ڕای گشتی لە هەرێمی کوردستان لەم دواییەدا لەلایەن حکومەتەوە بایەخی زۆری پێدراوە، ئەو حکومەتەی کە نوێنەرایەتی دامەزراوە و کۆمەڵگەی کوردستان دەکا، جا بۆیە پێویستە لە چوارچێوەی بنەما بنەڕەتییەکانی پەیوەندییە گشتیەکان و لە چوارچێوەی ئەرك و توخمەکانی ڕای گشتیی بەو شێوەیە کە پێشتر خستمانە بەرچاو، ئەو پەیوەندییە دیاری بکەین.

چالاکیەکەی ئێمە پشت بە خستنەڕووی ئەو پرسیارانە دەبەستێ کە پەیوەستن بە پەیوەندییە گشتییەکان و ڕای گشتیی لە باڵاترین دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە هەرێم کە خۆی لە وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەنوێنێ و چاوپێکەوتنمان لەگەڵدا ئەنجامداوە. لە میانی وەڵامەکانیدا باسی دیدگای حکومەتی هەرێمی کرد سەبارەت بە پەیوەندییە گشتیەکان و پێی وابوو بۆ پەیوەندییە گشتییەکان بۆ هەموو دامەزراوەیەك گرنگە جا حکومی بێ یا کەرتی تایبەت، لەم دواییە پەیوەندییە گشتییەکان بایەخێکی زیاتری پەیدا کردووە بەڵام هێشتا لەسەرەتاکانی خۆیدایە و هەوڵی زۆر دڵسۆزانەش هەیە بۆ پەرەپێدان بەو جۆرە فاکتەرە تا دامەزراوەکان بە ئەرکی و ئامانجەکانی خۆیان ئاشنا بن و پەیوەندی دامەزراوەکانیش لە خزمەتکردنی ئامانجەکانی خۆی پەرەی پێدراوە.

تائێستا بەشێوەیەکی کەم ئاوەر لەم بەشە دراوەتەوە، بۆیە دەبینین لە دامەزراوەکانی هەرێمدا ڕووبەڕووی کێشە و گرفتی زۆر دەبینەوە، بۆ نموونە هیچ بەشێك بەو ناوە بوونی نییە، بەدەگمەن نەبێ هەروەها لە پەیوەندیە ناوخۆییەکانی نێوان دامەزراوەکانی حکومەتدا لاوازیەکی زۆر هەیە و ئەوەش بووەتە هۆی بەریەککەوتنی زانیارییەکان و زۆرجاریش دژ بەیەکتربوونی زانیارییەکان، هەروەها کادیری وا نییە بتوانێ ئەو پەیوەندییانەی دامەزراوەکان بەڕێوە با، وێڕای ئەوەش پێناسەیەکی یەکگرتوو نییە تا دەوڵەت بتوانێ لە پەیوەندییە گشتییەکان یا سروشتی کاری ئەو پەیوەندییانە پشتی پێ ببەستی.

بەداخەوە بابەتی پەیوەندییە گشتییەکان کایەیەکی زۆر بچوکیشی لە کاری دامەزراوەکان داگیر نەکردووە، چونکە ئەو سیستەمە ئیدارییەی کە هێشتا پشت بە سروشتی ئیدارە کلاسیکیەکان دەبەستێ ئەوانەی کە لە وڵاتە بەرخۆرەکان دامەزراون، هەروەك ئەو پلەبەندیە ئیدارییەی کە لەگەڵ پێداویستیەکانی ئیدارەی هاوچەرخدا ناگونجێ، وایکردووە بایەخێکی وا بەو باسە نەدرێ کە لە دامەزراوە گشتییەکاندا جێگە و پێگەیەکی وای نییە، بەڵام ئەمڕۆ هەوڵ و تێکۆشانی زۆر هەن بۆ پەرەپێدان بەو بوارە، گەرچی ئێمە پێمان وایە پەیوەندییە گشتییەکان لە قۆناغێکی زۆر دواکەوتوودایە جا لەسەر ئاستی پسپۆڕیەتیدا بێ یا پلاندانانداین، ئێستاش دەوڵەت و حکومەت بڕیاری زۆر دەرکردووە سەبارەت بە دووبارە ڕێکخستنەوەی ئیدارە بەگوێرەی پێوەرە هاوچەرخەکان کە پشت بەو بەها ئیداریانە دەبەستێ کە ڕۆتین کەم دەکەنەوە.

حکومەت دامەزراوەی ئەنجومەنی خزمەتگوزارییە گشتییەکانی کارا کردۆتەوە و چەندان لیژنەی بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی سیستەمی ئیداری پێکهێناوە، ئەوەش بە پشت بەستن بە سەنتەرە زانستییە تایبەتمەندەکان، لەوانە زانکۆکان و سەنتەرە زانستییەکان و ڕاوێژکردن بە پسپۆڕان سەبارەت بەو باسە. بێگومان حکومەت پەی بە گرنگی و بایەخی ڕای گشتی بردووە و پێی وایە ڕای گشتی کاریگەری بەسەر شەرعیەتی حکومەت و دەستکەوت و هەڵسەنگاندنی بڕیارەکانییەوە هەیە، ئەوەش بە گوێرەی فیدباك و وەڵامدانەوەی داخوازییەکان لە ڕێگەی کەناڵە پسۆڕەکانەوە چونکە کۆکردنەوە و ڕوونکردنەوەی بەرژەوەندییەکان ئەرکی حکومەتە.

مەسەلەی ڕای گشتیی مەسەلەیەکی پێوەرییە هەروەك چۆن ڕای گشتیی لە هەرێمی کوردستان لە ژێر کاریگەری حیزبەکاندایە و هێشتا کامڵ نەبووە، بەڵام سیاسەتە گشتییەکانی حکومەت لە زۆر بواردا ئاماژەن بە بایەخی ڕای گشتیی وێڕای چەند ئاماژەیەکی دیکەی وەك نەریت و مێژوو.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دامەزراوە حکومییەکان لە ژێر کاریگەری ڕای گشتیدایە، بەتایبەت لەو بزاوتەی کە لە ساڵی 2011 دەستی پێکرد و کۆتایی هات، ئەوکات لە پارێزگای سلێمانی لەوێ داواکاری چاکسازی و ئەو شتانە لە ئارادا بوو، لەوێ بابەتی ڕای گشتیی ڕاستەقینە ڕووبەڕووی حکومەت بۆوە و حکومەتیش پەنای بۆ میکانیزم و چارەسەری وا برد کە بریتی بوون لە هاندانانە و تاڕادەیەك هەڕەشەی پەنهان، بەڵام پێویستە بڵێین جوڵانەوەکە نەیتوانی خۆی لە خراپەکاری و گوتاری پراگماتیکی حیزبی ڕزگار بکا و پاش ڕێکەوتنی نێوان سەرۆك حیزبەکان بەتەواوەتی لەنێوچوو.

ئەو پلانەی کە حکومەتی تازە لە کاتی ڕاسپردانیدا دایڕشت لە بابەتی پەیوەندییە گشتییەکاندا، لە چەمکی ئیدارە و دەستنیشانکردنی ئەرکەکان و بچووککردنەوەی پەیکەری ئیداری و دووبارە دابەشکردنەوەی ئەرکەکان بەگوێرەی پسپۆڕییەکان، پشتی بە ڕوانگە و چوارچێوەی تازە بەست. (عادل 2020)

دووەم: دیدگا و ڕەهەندەکانی سەربارەت بە پەیوەندیە گشتیەکان و ڕای گشتی و گەندەڵی

- دیدگاکانی پەیوەست بە پەیوەندییەگشتییەکان و ڕای گشتی و گەندەڵی

لە ژێر تیشکی باس و توێژینەوەکەماندا کە تیشکی خستوەتە سەر پەیوەندییە گشتییەکان و ڕای گشتیی لە هەرێمی کوردستاندا، توانیومانە دیدگایەکی تایبەت بە هەرێمی کوردستان دابمەزرێنین، ئەوەش لە ڕێگەی چاوپێکەوتنی مەیدانی کە لە ناوەندە سیاسی و یاسایی و میدیاییەکاندا ئەنجامانداوە .بۆ هەر یەکێك لەو ناوەندانە پرسیاری تایبەتمان ئاراستەکردوون. بەشێوەیەك بگونجێ لەگەڵ ئامانج و بەرپرسیارەتی و ئەرك و یاسا و بنەما و توانستی پەیوەندییەکان و ڕای گشتیی و دیدگاکانیش بریتین لەمانەی خوارەوە:

1. دیدگای سیاسیی:

ئەم دیدگایە پەیوەستە بەوەی کە هەندێ لە سیاسیەکان لە هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی ڕوانگەی خۆیانەوە وەکو دەسەڵاتی سیاسیی و یاسادانان گوزارشتیان لێکردووە و ئەوانەی مامەڵە لەگەڵ یاسا و ڕێکخراوەکانی تایبەت بە هەردوو دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادانانادا دەکەن، هەموو لیژنە میدیایی و ڕۆژنامەوانییەکان چوارچێوە و باوەڕ و میکانیزم و بەرنامەی خۆیان وابەستەی ئەو حیزبە سیاسییانە دەکەن لە ڕێگەی میکانیزمی دیموکراسییەوە لە پەرلەماندا نوێنەریان هەیە، مەرجیش نییە لە بواری پەیوەندی گشتیی و ڕای گشتیدا کار بکەن، بەڵام ئەوان خەڵکانی شارەزان و ئەو بوارە لە بونیادنان و دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان دامەزراوە و جەماوەردا دەخەنەگەڕ.

هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند گۆڕاو و فاکتەرێك کە بریتین لە:

1 .تازەیی سیستەم و کاری دیموکراسیی لە هەرێم.

2 .جیاوازی و نالێکچوویی ئاستەکانی کولتور.

3 .ڕەنگدانەوەی کەلەپوری مێژوویی و کۆمەڵایەتی و سیاسیی.

4 .لاوازی هەوڵ و تێکۆشانی میدیایی و ڕۆژنامەوانی لە وەرگرتنی پێشکەوتنە تەکنیکی و زانیارییەکان و بەتایبەت ئامرازەکانی پەیوەندی.

5 .کورتهێنان لە تێگەیشتن لەو میکانیزم و بەرنامانەی کە ڕێسا و بنەماکانی پەیوەندییە گشتییەکان و ڕای گشتیان لەسەر هەڵچنراوە، جا لە ئاستی پەروەردە و پەیرەوکردنیدا بێ لە دامەزراوە جێبەجێکردن و یاساداڕێژییەکانی هەرێمدا. (بختیار 2020)

## 2 .دیدگای یاسایی:

لە کۆمەڵگاکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و لە نێویشیاندا عیراق و هەرێمی کوردستان، هێشتا ئەو بیرۆکەیە زاڵە کە دەڵێ ئەوانەی لە کایەی پەیوەندییە گشتییەکاندا کار دەکەن هەر دەبێ یاساناسان بن، تا ئێستاش ئەو بۆچوونە لەلای ئێمە باوە، زۆرێك لە دامەزراوەکان کەسانێك دەکەنە بەرپرسی پەیوەندییەکان کە لە بواری یاساییدا کاریان کردبێ نەك لە بواری میدیایی و ڕۆژنامەاونی، هۆکارەکەشی تێ نەگەیشتنە لە فەلسەفەی پەیوەندییە گشتییەکان و تێنەگەیشتنە لەوەی پەیوەندییە گشتییەکان کۆڵەگەی بەڕێوەبردنە، بەتایبەت بەڕێوەبردنی قەیرانەکان، بەڕێوەبەری دامەزراوە یا بەڕێوەبەرایەتیەکە پێی وایە ئەگەر بەرپرسی پەیوەندییە گشتییەکان کەسێکی یاسایی بێ ئەوە لە ڕۆژنامەوان و میدیاکارەکان شارەزاترە و زیاتر دەتوانێ خۆی و دامەزراوە و بەڕێوەبەرایەتیەکەی بپارێزێ، لەکاتێکدا ڕۆژنامەوان و میدیاکاران پسپۆڕ و شارەزای بواری بەڕێوەبردنی پەیوەندییە گشتیەکان و خولقاندنی ڕای گشتیین (بەڕێوەبردنی قەیرانەکان).

ئەو باوەڕ و بۆچونەش بەهۆی خراپ تێگەیشتنە لەوەی پەیوەندیە گشتییەکان و ڕای گشتیی بریتیە لە دیاردە و پراکتیزەیەکی پێچەوانەی ناوەندە یاسایی و مافناسییەکان و بەتایبەتیش ئەو لایەنانەی کە پەیوەستن بە لایەنی سیاسیی و تیایدا پەیوەندییە کشتییەکان هەوڵدەدەن سەرنجی هاوڵاتیان سەبارەت بە کاروباری وڵاتەکەیان و بەتایبەتیش ئامانج و ئاراستە گشتییەکانی وڵاتەکەیان و پلانە گەشەپێدانەکانی بوروژێنن، بۆیە پرۆسەی هەواڵسازی لە پەیوەندییە گشتییەکان ئامانجی ئەوەیە چەند داتا و زانیاریەك سەبارەت بە چالاکیەکانی حکومەت بخاتە بەر چاوی جەماوەر و ئەوەش هاوکار دەبێ لە ئاراستەکردن و دروستکردنی ڕای گشتیی ڕاستەقینە کە لەسەر بنەمای گفتوگۆ و زانیاری دروست هەڵچنرابێ.

ئەوانەی لە کایەی یاسادا کار دەکەن پێیان وایە ئەوان لە ململانێیەکی ڕاستەوخۆدان لەگەڵ ئەوانەی لە بواری پەیوەندییە گشتیەیکان و میدیا بەگشتیدا کاردەکەن، کاتێك باسەکە پەیوەست بێ بە

پەیوەندی نێوان دامەزراوە و جەماوەرەوە. لەگەڵ ئەوەی هەردوو دامەزراوەی میدیایی و یاسایی لایەنی چاودێری تایبەت بەکۆمەڵگەن لە چاودێریکردنی کاروباری دامەزراوە جێبەجێکاری و یاسادارێژیەکان و هەڵسەنگاندنی بەڕێوەچوونی حکومەت. (هەرکی 2020)

**3 .دیدگای ڕۆژنامەوانی:**

کاتێك دیدگای میدیایی و ڕۆژنامەوانیی چەمکی پەیوەندییە گشتییەکان و ڕای گشتی هەڵدەسەنگێنن، ئەوەی زۆرێك لەوانەی لە ناوەندی میدیایی و ڕۆژنامەوانیەکاندا کاردەکەن هێشتا زۆرینەی زۆریان پێیان وایە کاری ڕۆژنامەوانی پیشەیەکە بەجۆرێکی دیاریکراو پراکتیزە دەکرێ و دوورە لە میدیای ئامانجدار و ئەو پەیامە باڵایەی کە لە پێناویدا تێدەکۆشێ گوایە چەك و کەرەستەیەکی گرنگە بەدەست کۆمەڵگەوە بۆ گۆڕانکاری و بەدیهێنانی ئایندەیەکی باشتر.

هەندێ لە ڕۆژنامەوان و میدیاکاران پێیان وایە هۆکاری پراکتیزە نەکردنی هونەر و دیاردە و چەمکە میدیاییەکان لەنێویشیاندا پەیوەندییە گشتییەکان و ڕای گشتیی بە گوێرەی چوارچێوە گشتیی و بابەتیەکەی، دەگەڕێتەوە بۆ ئەم هۆکار و فاکتەرانەی خوارەوە: (بێخاڵی 2020)

**ڕەهەندەکانی پەیوەست بە پەیوەندییە گشتیەکان و ڕای گشتی و گەندەڵی :**

**1 .ڕەهەندی یاسایی:**

دامەزراوە میدیایی و رۆژنامەوانییەکان بە دەست کەمی ئەو یاسایانەوە دەناڵێنن کە پەیوەستن بە کاری رۆژنامەوانییەوە و بەتایبەتیش لە ڕۆژگاری ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی و سۆشیال میدیادا دەژین کە بووەتە جێی بایەخی ڕوانگە و ئاراستەکان. بۆ نموونە یاسای ژمارە (35) بەگوێرەی پێویست نییە چونکە تەنها چوارچێوەی کاری ڕۆژنامەوانی کاغەزی دیاریکردووە و بایەخێکی وای بە کەناڵە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئاسمانییەکان و ئێزگەکان نەاوە بەتایبەت میدیای ئەلیکترۆنی بە پێگەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی کە بوونەتە هەڕەشە بۆ سەر ئاشتی کۆمەڵایەتی و سەقامگیری سیاسیی. (بێخاڵی 2020)

بۆیە زۆر گرنگە یاسای تایبەت بە کاری ڕۆژنامەوانی ئەلیکترۆنی هەبێ و هاوکات کاری ڕۆژنامەوانی و ئازادی ڕادەربڕین دیاری بکا، ئەوەش پێویستی بە داڕشتنی یاسای تازە هەیە بەگوێرەی پێداویستیەکانی کاری رۆژنامەوانی بەرپرسانە و ئازادی ڕادەربرین و ڕێگەدان بە ڕۆژنامەوان لە چالاککردنی کاری چاودێری ڕاستەوخۆ بەتایبەت لە دۆسیەی گەندەڵی و ئیداری و سیاسیی و ئەخلاقیدا.

### 2. ڕەهەندی سیاسیی:

دامەزراوەی سیاسیی لە هەرێمی کوردستان لە ژمارەیەك حیزبی سیاسیی پێکهاتووە کە بەشدارن لە پرۆسەی سیاسیی، لەو میانەشەوە پەرلەمان وەك دەسەڵاتێکی یاسادانان دروستبووە کە نوێنەرایەتی خەڵکی هەرێمی کوردستان دەکا، بۆیە دامەزراوەی میدیایی لە هەرێمدا خەریکە زۆر ئاڵۆز دەبێ، بەتایبەت دەزگای میدیایی بەدەست لاوازی ئەزموون و شارەزاییەوە دەناڵێنێ، بەتایبەتیش رۆژنامەوانی پەیجوری (استقصائی). ئێستا کاری ڕۆژنامەوانی زۆر بە نزم و لاوازی پەیڕەو دەکرێ و پشت بە بنەما و ڕێسای رۆژنامەوانی پەیجوری (استقصائی) نابەستێ، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ پاشخانی کولتوری و زانیاری و مەعریفی خۆی.

کاتێك دامەزراوەی سیاسیی ڕەزامەندی لەسەر بونیادنانی دامەزراوەیەکی میدیایی نیشتمانی دەدا پێویستی بە پشتیوانی رۆژنامەوانی شەخسیی و یاسایی ڕۆژنامەوانان هەیە، کاتێك دەیەوێ لە ڕێگەی میدیا و بەشێوەیەکی واقیعی و حەقیقی مامەڵە دەکا یا کاتێك بەشێوەیەك مامەڵە لەگەڵ دۆسیە و بەڕێوەبردنیدا دەکا کە بەشێوەیەك لەگەڵ قۆناغەکەدا بگونجێ. (بێخاڵی 2020)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 3. ڕەهەندی زانستی و ئەکادیمی:

پێشکەوتنی زانستی و تەکنۆلۆژی کە ئەمڕۆ جیهان بە خۆیەوە بینیویەتی، بەتایبەتیش لە شۆڕشی میدیاییدا، وای لە زۆرێك لە دامەزراوە زانستی و میدیاییەکانی جیهان کردووە لە ئامادەکردنی میتۆد و بەرنامەی گونجاو چاو بەخۆی کارنامەکانی خۆیاندا بخشێننەوە کە بگونجێ لەگەڵ ئەو پێشکەوتنەدا، سەنتەرەکانی توێژینەوەی میدیایی و ڕۆژنامەوانی ڕۆڵێکی گرنگیان لە دارِشتنی چوارچێوەی پەروەردەیی و بابەتیانە هەیە لە دیراسەکردنی میدیا و دیاردەکانی و زانستەکانی و هونەرەکانی، ئەوەش بە گوێرەی ئامانجەکانی کۆمەڵگە و لە ژێر سیاسەی ئاستەنگ و بارودۆخە هەنوکەییەکاندا. چەمك و زاراوەکانی میدیا بەڕادەیەك فراوان بوونە کە بەشەکانی ئاراستەیەکی تازەیان وەرگرتووە لە شێوازی توێژینەوە و پەیجوری. توێژینەوەکانی ئێستا لەو میتۆدە کلاسیکیە کۆنانە دوورکەوتۆتەوە کە تا ئێستاش کاریگەریان بەسەر زۆرێك لە مامۆستا و توێژەرانی بواری پەروەردە و فێرکردندا هەر ماوە. (بێخاڵی 2020)

### 4. ڕەهەندی پیشەیی و سەندیکایی:

سەندیکای ڕۆژنامەنوسان لە هەرێمی کوردستان دامەزراوەیەکی کارایە و ئەندامی زۆری هەیە و بە هەزاران ئەندام لە ڕۆژنامەوانان و میدیاکاران و کارمەندانی دامەزراوە میدیایی لەخۆ دەگرێ و توانیویەتی لە زۆر بواری سیاسیی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا ڕۆڵی خۆی بسەپێنێ، لەگەڵ ئەوەشدا بەو ژمارە زۆرە کە سەروو 8 هەزار ئەندامە، بەڵام پێویستە پێوەرەکانی ئەندامیەتی مەرج و دیسپلینی قورستری بۆ دابنرێ و ئەندامان پابەند بن بە ڕێساکانی کاری ڕۆژنامەوانی و میدیایی وێڕای هەبوونی ئەخلاقێکی میدیایی شان بە شانی خوێندنێکی ئەکادیمی نێودەوڵەتی و بڕوانامەی بەکالۆریسی ڕۆژنامەوانی یا لە ئەنجامدانی کاری ڕۆژنامەوانی و میدیایی خاوەن ئەزموون و شارەزایی بێ و

پاشخانێکی ڕۆشنبیری و فیکری زۆری هەبێ کە لەو کارە بیستراو و بینراوانەدا ڕەنگبدانەوە کە پێشکەشی جەماوەر و کۆمەڵگەی دەکا. (بێخاڵی 2020)

سێیەم: میکانیزمەکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە عیراق و هەرێمی کوردستان

عیراق بە یەکێك لەو وڵاتانە دادەنرێ کە گەندەڵیەکی زۆری تێدا بڵاوە و گەندەڵی بووەتە گەورەترین بەربەستی بەردەم بونیادنانەوەی دەوڵەت و بوژاندنەوەی واقیعی ئابووری، ڕەفتاری سیاسیی گشتی بووەتە هۆی زیادبوونی گەندەڵی ئیداری و دارایی و بەهای خزمخزمێنە و دۆستایەتی و بەرتیل و دزی بەشێوەیەکی بەرچاو بڵاوبۆتەوە، ئەوەش نیشانەی نەبوونی لێپێچینەوە و سەقامگیری سیاسیی و ئاسایشی و کارایی حکومەت و سەروەرێتی یاسایە، عیراق لە پلەبەندی گەندەڵترین وڵاتانی جیهان لە پێشی پێشەوەیە و گەندەڵی بووەتە پەتایەك و هەموو کایەکانی تەنیوەتەوە، بەتایبەت بواری ئابووری و ئەوەش بووەتە هۆی پەکخستنی پرۆسەی گەشەسەندن:. (د. العلي 2019، 2)

ئەو دیاردە وپەتا گەورەیەی کە لە هەموو دامەزراوەکانی حکومەتدا ڕووبەڕووی عیراق بووەتەوە، وای لە شارەزایان و ئابووریناسان و پسپۆڕانی ئەو بوارە کردووە پەنا بۆ توێژینەوە و لێکۆڵینەوە ببەن تا لەڕێگەیەوە میکانیزم و بەرنام و تیۆریە کارا و گونجاو بۆ ڕزگارکردنی عیراق لەو پەتایە دیاری بکەن و عیراق لەسەر بنەمای ڕێسایەکی ئابووری توندوتۆڵ ببوژێننەوە، ئەوەش پشت ئەستور بەو توانا و وزە گەورەیەی عیراق لە هەموو بوارەکاندا هەیەتی، چونکە ئەو وزە و توانایانە بە دروستی بخرێنە گەڕ ئەوە عیراق دەچێتە ریزی وڵاتانی پێشکەوتوو، هەڵبەت بە گرتنەبەری میکانیزم و بەرنامە و ستراتیژی وا کە دیاردەی گەندەڵی سنوردار بکا، نموونەی ئەو مکانیزم و بەرنامە و ستراتیژانەش وەك:11 (عواد 2010، 4)

یەکەم: بەهێزکردنی حوکمی چاك (الحكم الصالح).

دووەم: چاکسازی ئابووری.

سێیەم: چاکسازی ئیداری.

مەبەست لە حوکمی چاك گرتنەبەری ئەم ڕێوشوێنانەی خوارەوەیە. (عواد 2010، 5-8)

1. دیموکراسی.
2. ئازادی دادگاکان.

لێکجیاکردنەوەی هاوسەنگی سێ دەسەڵاتەکە.

3. ئازادی ڕۆژنامەگەری و میدیا.
4. بەهێزکردنی ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

بەڵام میکانیزم و بەرنامەکانی چاکسازی ئابووری ئەمانە دەگرێتەوە:

1. چاکسازی سیستەمی باج.
2. چاکسازی سیستەمی گومرکی.
3. چاکسازی لە بودجەی گشتیی.
4. چاکسازی لە سیستەمی پێدانی کرین و گرێبەستەکان.
5. بەرەنگاربوونەوەی پرۆسەی شوشتنەوەی پارە.
6. بەرەنگاربوونەوەی دزینی نەوت و پێکهاتەکانی.

چاکسازییە ئیدارییەکانیش بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی پەیوەستە بەم شتانەوە:

1. چاکسازی دامەزراوەیی.

2. حوکمەتداری ئیداری لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیدا.

3. پشتیوانیکردنی سیستەمی حکومەتی ئەلیکترۆنی.. (عواد 2010، 8-15)

سەرنجی ئەوە دەدرێ کە هەرێمی کوردستان پاش ڕاپەڕینەکەی ئازاری ساڵی 1991 هەموو بەڕێوەبەرایەتیەکانی سەردەمی حکومەتی مەرکەزی لەنێوبران و بۆشاییەکی ئیداری و یاسایی لە ناوچەکە هاتە کایەوە و سەرکردایەتی کورد ناچاربوو لە /1992/5/19/ هەڵبژاردنێکی دیموکراسیانە ئەنجام بدا و لەوێشەوە یەکەمین پەرلەمانی کوردستان هاتە کایەوە کە تیایدا جاڕی فیدراڵیەتی هەرێمی کوردستان درا و یەکەمین حکومەت لە 1992/6/4 دامەزرا و لەسەرەتاشەوە ڕووبەڕووی کەمی و ڕێك نەخستنی داهات و بەردەوامیەتی بۆوە ( (عیسی 2013، 142)

ساڵی 1993 یەکەمین بودجەی گشتی ساڵانەی هەرێمی کوردستان دانرا، یەکەمین بەڕێوەبەرایەتی چاودێری بەناوی بەڕێوەبەرایەتی چاودێری و پشکنینی دارایی سەر بە وەزارەتی دارایی هەرێم پێکهێنرا. بەڵام دەست بەکار نەبوو تا دەرچوونی یاسای 14 ساڵی 2000 تیایدا بڕیار لەسەر دامەزراندنی دیوانی چاودێری دارایی درا و لە گۆڤاری (وەقائیعی کوردستان) لە ژمارە 7ی ساڵی 2000 بڵاوکرایەوە (15). (یابة 2005، 46)

پاش ساڵی 2003 یاسای ژمارە (55) لە ساڵی 2004 دەرچوو تیایدا بڕیاری دامەزراندنی دەزگایەکی حکومی سەربەخۆ درا، ئەو دەزگایە بەرپرس بوو لە یاساکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و پێوەرەکانی خزمەتکردنی گشتیی لە ژێر ناونیشانی (کۆمیسیۆنی دەستپاکی گشتیی) و دواتر ناوەکەی گۆڕا بە (دەستەی دەستپاکی)، ئەوەش لەسەر بنەمای دەستوری کۆماری عیراقی ساڵی .(2005)

حکومەتی هەرێمی کوردستان میکانیزم و بەرنامەی خۆی هەبوو بۆ پشتیوانیکردن و بەهێزکردنی دەزگاکانی چاودێری لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، ئەوەش پاش دەرچوونی یاسای دەستەی دەستپاکی ژمارە 2 ساڵی 2011 هەموارکراو بە یاسای ژمارە (7)ی ساڵی 2014

ڕێکخستنی کاری بەدواداچوونی دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان بە ژمارە (2)ی ساڵی 2016

چوارەم: ڕۆڵی ڕای گشتی و پەیوەندییە گشتییەکان لە ستراتیژە گشتییەکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیدا

ڕای گشتی و پەیوەندیە گشتیەکان بە یەکێك لەو فاکتەرانە دادەنرێن کە کاریگەریان بەسەر دارشتن و جێبەجێکردنی سیاسەتی گشتی دەوڵەت و پرۆسەی بڕیاردانەوە هەیە، ئەو کاریگەریەش لە ڕێگەی ئەو میکانیزمانەوە دەبێ کە گوزارشت لەو ئاراستە و خاڵە سەرەکیانە دەکا کە حیزبە سیاسییەکان و گرووپەکانی فشار و گرووپەکانی بەرژەوەندی و ڕاگەیاندن چەسپاندویانە. (كافي 2015، 53)

ئەگەر ڕای گشتی کاریکردە سەر سیاسەتە گشتییەکان و پاشان ئەنجامەکانی ڕاپرسیەکی ڕای گشتیی کۆت وبەند بەسەر ئەوانەدا دەسەپێنێ کە سیاسەتی گشتی دادەڕێژن. (ابراهيم 2017، 1)

بەڵام پەیوەندییە گشتییەکان لە کۆڵەگە سیاسیەکەیدا لە هەوڵی وروژاندنی سەرنجی هاوڵاتیاندایە سەبارەت بە کاروباری وڵاتەکەیان ئەوەش لە ڕێگەی شیکردنەوەی ئامانج و ئاراستە گشتیەکانی دەوڵەت و پلانە گەشەپێدانیەکانی، لەلایەکی دیکەشەوە پرۆسەی هەواڵسازی لە پەیوەندییە گشتییەکاندا ئامانجی ئەوەیە چەند ڕاستی و زانیاریەك سەبارەت بە چالاکیەکانی حکومەت بخاتە بەرچاو جەماوەر تا لەوێوە ڕای گشتیەکی ڕاستەقینە دروست بکا و ئاراستەشی بکا، ڕایەکی گشتیی

کە لەسەر گفتوگۆیەکی ڕووشن بونیادنرابێ و پشتی بە زانیاری دروست بەستبێ، ئەوەش جۆرێکە لە چاودێری گەل بەسەر کاروبار و چالاکی دەزگاکانیی حکومەتەوە. (کافي 2015، 29)

ڕای گشتی لە ڕێگەی یاسا و بنەماکانی ستراتیژیەوە نێودەوڵەتییەوە پەیوەندی بە ستراتیژی نێودەوڵەتی بەرەنگاربونەوەی گەندەڵییەوە هەیە، هەروەها لەو ڕێگەیەوە پەیوەستە بە ستراتیژی سیاسییەوە کە ڕای گشتی لە کۆمەڵگە دیموکراسیەکاندا لە دەسەڵاتی حکومەت بەهێزترە. لەو دۆخەدا ڕای گشتی زۆر هەستیارە بەرامبەر بە گەندەڵی و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆش لە ڕێگەی یاساکانی ڕای گشتیی. (کافی 2015، 52)

ئەو ئەرکانەوە کە کار لەسەر بەکارهێنانی چاودێریکردن و بەرگریکردن لە مافەکانی مرۆڤ و شەفافیەت دەکا تا ببێنە هێزێکی شاراوە لە دروستکردنی ئەو سیاسەتە کۆمەڵایەتیەی کە بە فاکتەری گرنگی و کاریگەری ڕای گشتی دادەنرێن، بۆیە بەدیهێنانی ستراتیژی و میکانیزمەکانی لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیدا لە باڵاترین ئاستەکاندا دەبێ.

پەیوەندییە گشتییەکان لە ستراتیژیە نێودەوڵەتییەکانی بەرەنگاربونەوەی هەموو جۆرەکانی گەندەڵیدا کارا و چالاك دەبێ. هەروەها ئامانج و بەرپرسیاریەتیەکانی پەیوەندییە گشتیەکان بریتین لە پەیوەندیە گشتییەکان لە کایەی سیاسیدا کە کار لەسەر گەشەپێدانی هەستی ئینتیمای جەماوەر و ڕەخنەکردنی هەڵە و پەڵەی بەرپرسان دەکا و جەماوەر ساز و تەیار دەکا. بەڵام پەیوەندیە گشتیەکان لە ستراتیژی ئابووریدا کار لەسەر ئاراستەکردنی بەکاربردن وگەشەپێدان و هاندانی هۆشیاری پاشکەوتکردن و ئاراستەکردنی خەرجیەکانی حکومەت و پێشکەشکردنی ڕێنمایی و ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری دەکا لە هەموو بوارەکاندا. (کافي 2015، 32)

ژمارەی تۆماری نێودەلەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دواجار پەیوەندییە گشتییەکان لە ستراتیژی ئیداری لە بەرەنگاربونەوەی گەندەڵیدا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی گشتییەوە کار لەسەر بڵاوکردنەوەی گیانی متمانە و هاندانی گیانی ئینتیما لای کۆمەڵگە و فەرمانبەرانی دەزگاکان دەدا و هەوڵی زیادکردنی دڵسۆزی فەرمانبەران و چەسپاندنی بنەماکانی ڕێزگرتنی مرۆڤ و دورکەوتنە لە کاری فێڵ و ساختەکاری و پێشکەشکردنی وێنەیەکی ڕاست و دروست سەبارەت بە ئینیما و دلسۆزی نیشتمانیدا دەدا. (فیاض، 2006، 38).

پێنچەم: ڕێکخراوە نا حکومییەکان و ڕۆڵیان لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیدا

مەبەست لە ڕێکخراوە ناحکومییەکان(NGO)، کۆمەڵێك کەسی ئاسایی یا مەعنەوەی کە بەگویرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە خاوەن کەسایەتیکی مەعنەوەییە، هەوڵ بۆ بەجێگەیاندنی ئامانج دەدات کە دابەشکردنی قازانجی تیدا نیە .

هەروەها مەبەست لە ڕێکخراوە ناحکومیەکان، دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییە. ئەم چەمکە لە کۆتایی سەدەی بیستدا زیاتر پەرەی سەند و بڵاوبۆوە. (عنصر 2000، 1)

-میکانیزمەکانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیدا:

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەتوانن ڕۆڵێکی گرنگیان لە چاودێریکردن و دیسپلینکردنی دەسەڵاتەکانی حکومەتدا هەبێ، ئەوەش لە ڕێگەی چەسپاندنی بەهای دەستپاکی و دیموکراسی و شەفافیەت لە کارەکانی حکومەت و بەشداریکردن لە داڕشتنی سیاسەتی گشتیی و پاراستنی مافەکانی و بەشداریەکی کارا لە ژیانی گشتیی و بەهێزکردنی حوکمی یاسا، وێڕای ڕۆڵی ئەو ڕێکخراوانە لە بەرزکردنەوەی هۆشیاری گشتیی سەبارەت بە گەندەڵی و بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی و چاودێریکردنی کەرتی گشتیی. (التمیمی 2013، 3-4)

هەروەها چەند میکانیزمێك هەن بۆ بەدیهێنانی ڕۆڵی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ئەوەش لە ڕێگەی گرتنەبەری ئەم خاڵانەی خوارەوە:

1 .هۆشیاری: ئەوەش بریتیە لە:

أ. دارِشتنی بەرنامەیەکی تایبەت بۆ ڕوونکردنەوەی ناوەڕۆکی گەندەڵی و مەترسیکانی و وروژاندنی.

2 .دارِشتنی بەرنامەیەکی تایبەت بۆ وەرگرتنی ڕاپۆرت و ئاگادارکردنەوە و سکاڵای پەیوەست بە تاوانی گەندەڵی.

2 .چاودێری: ئەوەش پێکدێ لە:

أ. پەرەپێدانی میکانیزمی چاودێری خۆپارێزی.

ب. پەرەپێدانی میکانیزمی چاودێری دواتر.

3 .بەدواداچوون: ئەوەش پێکدێ لە:

أ. بەدواداچوون بۆ ڕاپۆرت و ئاگادارینامە و سکاڵاکانی تایبەت بە تاوانەکانی گەندەڵی.

ب. بەدواداچوون بۆ ئەنجامی لێکۆڵینەوە لە تاوانکارانی تاوانی گەندەڵی لەلایەن دەزگا پەیوەندیدارەکانەوە.

پ. بەدواداچوون بۆ ڕێوشوێنەکانی تایبەت بە داهاتەکانی پارە و ئەو داهاتانەی کە بەرهەمی تاوانی گەندەڵین.

4 .ڕاوێژکاری: ئەوەش ئەمانە دەگرێتەوە:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

أ. ڕاوێژکاری لە دارِشتنی سیاسەتەکاندا.

ب. ڕاوێژکاری لە جێبەجێکردنی پلانەکاندا.

پ. ڕاوێژکاری لە دارِشتنی بەرنامەکاندا .

5 .پێداچوونەوە بە یاسادانان و ڕاپۆرتەکاندا:

ا. بەشداریکردن لە پێداچوونەوە بە یاساکانی تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی.

ب. بەشداریکردن لە توێژینەوە و هەڵسەنگاندنی ئەو ڕاپۆرتانەی کە لەلایەن ڕێکخراوە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانی پەیوەست بە بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی دەردەچن.

6 .ڕێسای داتا و زانیاریەکان: کە ئەمانە دەگرێتەوە:

أ. بەرزکردنەوەی ڕێسای داتا و زانیارییەکان بە زانیاری و داتای تایبەت.

ب. ئاڵوگۆڕی زانیاری سەبارەت بە بابەتی ئەو گەندەڵیانەی کە بایەخێکی نیشتمانیان هەیە.

پ. ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە ئاسانی بتوانن داتا و زانیاری پەیوەست بە بابەتی گەندەڵی بەدەست بهێنن.

7 .بونیادنانی توانای ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی

أ. پشتیوانیکردنی دامەزراوەیی.

ب. پشتیوانیکردنی هونەری. (التميمي، 2013، 13)

هەندێ میکانیزمی گشتی دیکە هەیە لە هەوڵی بەدیهێنانی رۆلی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و هاوڵاتیانە لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، ئەو میکانیزمانەش بریتین لە:

1 .باشترکردنی سیستەمی لێپێچینەوەی ناوخۆیی لە دامەزراوە گشتیەکانی حکومەتدا.

2 .دامەزراندنی ڕێکخراوی تایبەت بە باسی لێپێچینەوە و شەفافیت و دەستپاکی.

3 .هاندانی پەرلەمان بۆ دارِشتنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی.

4 .هاندانی دەسەڵاتەکان بۆ ئاشکراکردنی دۆسیەکانی گەندەڵی.

5 .هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان لەوەی دامەزراوەکانی دەوڵەت لە پێناو خۆشگوزەرانی ئەواندا دامەزراوە و گەندەڵی دەبێتە بەربەستی بەردەم ئەو ئەرکەی دامەزراوەکان.

6 .فشارکردنە سەر حکومەت لە پتەوکردنی سیستەمی لێپرسینەوە و شەفافیەت و بەهێزکردنی رۆڵی چاودێری.

7 .چاودێریکردنی کۆمەکی دارایی حیزبەکان و پاڵیوراوانی هەڵبژاردنەکان.

8 .بەشداری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە دارِشتنی سیستەم و یاسادانان و یاسا و سیاسەتی گشتیی پەیوەست بە ژیانی تاکەکان. (ق. حسين 2017، 1)

## لایەنی مەیدانی

## یەکەم: ڕێکارە مەیدانیەکانی توێژینەوە

**1- میتۆدی توێژینەوە:**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئامانجی توێژینەوەکەمان زانینی رێژە و چۆنیەتی رۆلی پەیوەندییە گشتییەکان لە دروستکردنی رای گشتی سەبارەت بە بەرەنگاربوونەوەی گەندەلی، تویژینەوەی بابەتەکە تویژینەوەیەکی وەسفیە، بۆیە میتۆدی گونجاو بۆ سروشتی ئەم تویژینەوە کە توێژەر بەکاریهێناوە بریتە لە میتۆدی رووپێووی، بۆ ئەوەی لە چوارچێوەیەکی زانستیدا بگونجێت لەگەڵ هێنانەدی ئامانجەکانی توێژینەوە و بە دەستهێنانی زانیاری وەرد و تەواو و دەربارەیان.

**2-کۆمەڵگەی توێژینەوە:**

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتە لە لەسەرجەم کارمەندانی پەیوەندییە گشتییەکان لە وەزارەت و فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەو وەزارەتانەی بەشی پەیوەندییەکان لەخۆدەگرن.واتە کۆمەلگەی ئەم توێژینەوە بریتە لە (10) وەزارەت لە کۆی (19) وەزارەتی کابینەی نۆیەم و فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرووەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، توێژەر بۆیە ئەو وەزارەت و فەرمانگەی وەرگرتووە چونکە تەنها ئەو (10) وەزارەت و (1) یەك فەرمانگەی بەشی پەیوەندییەکان لەپەیکەری وەزارەت و فەرمانگەیان هەیە.

**3-نمونەی توێژینەوە:**

نمونەی توێژینەوە بەشێکی هەڵبژاردراوی کۆمەڵگەی تویژینەوەیە گوزارشت لە وێناکردنی تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوە دەکات.دوای بەدەستهێنانی زانیاری تایبەت گشت کارمەندانی بەشی پەیوەندییەکانی وەرگرتووە لە کۆی (10) وەزارەت و (1) فەرمانگە کە ژمارەیان (109) کارمەندبوو بە هەردوو رەگەز.

**4-کەرەستەی توێژینەوە:**

ا. فۆرمی راپرسی: یەکێکەلە کەرەستەکانی کۆکردنەوەی داتاکان و بریتە لە لاپەریەك کە کۆمەڵێك لەو پرسیارانەی تێدایە کە پەیوستن بە بابەتی توێژژینەوەکە، لە رێگەی ئەلکترونی یا دانەدەستی راستەوخۆ دەنێردرەێ بۆ تاکەکانی لێتۆێراوەکان و ئەوەش لە پێناو بەدەستهێنانی ئەو وەڵامانەی کە لێتوێژاروان دەیدەن (بۆکانی 2016، 156)

ب. چاوپێکەوتنی کەسی: بریتی لە کەرەستەیەك لە کەرەستەکانی کۆکردنەوەی داتا و وەکۆ گفتوگۆی نیوان دوو کەس پێناسە دەکرێ، تیایدا توێژەر دەستپێشخەری دەکا بە ئامانجی بەدەستهێنانی زانیاری پێوست بە توێژینەوەکە و هەندێ کەسیش ئەم میکانزمە وەکر گفتوگۆی ئاراستەکراوپێناسە دەکەن کە تاکێك لە تاکەکان بە ئامانجی بەدەستهێنانی زانیاری پیوست رادەپەرێنی بۆ ئەوەی لە توێژینەوەیکی زانستیدا بەکاری بەهێنێ، یا لە پرۆسەی دەستنیشانکردن و چارەسەرکردن پشتی پی دەبەستێ. (د. شوانی 2015، 43)

ج. تێبینیکردن: مەبەست لە تێبینی چاودێریەکی وەردی دیاردەیەك لە دیاردەکان یا کۆمەڵێك دیاردە بە پشت بەستن بەو کەرەستە و میکانزمانەی کەلەگەل سروشتی دیاردەکەدا گونجاو ئەویش بە ئامانجی زانینی خەسڵەت و تایبەتمەندی و فاکتەرە ناوەکیەکانی ئەو دیاردەیە. (بۆکانی 2016، 36)

**5-بوارەکانی توێژینەوە:**

بوارەکانی توێژینەو لەم سێ خوارەوە پێکدێت:

ا. بواری شوێن: سنوری توێژینەوەکە بریتە لەو وەزارەت و فەرمانگەی کە بەشی پەوەندییە گشتییەکانی هەیە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان.

ب. بواری کات: کاتی دابەشکردنی فۆڕمی راپرسی توێژینەوە، واتە لایەنی مەیدانی لە رێکەوتی 1-8-2020 تاکۆ 1-9-2020 لەو ماوەیە فۆڕمەکان دابەشکراون و زانیارییەکان کۆکراییەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ج. بواری مرۆیی: بریتیە لەسەرجەم کارمەندانی پەیوەندییە گشتییەکانی ئەو وەزارەت و فەرمانگەی کە بەشی پەیوەندییە گشتییەکانی تیدایە بە هەردوو رەگەزەوە.

## 6-پێوەری راستی فۆڕمی راپرسی توێژینەوە:

پەیوەری راستی بە تایبەتمەندیکی گرنگ دادەنریت پێوستە گرنگی پێبدریت لە کاتی ئەنجامدانی هەر توێژینەوەیەك، کەرەستەی توێژینەوە بە راست دادەنرێـت کاتێك پێوانەکراو بێت، پێوەری راستی بە هۆکاریکی گرنگ دادەنرێ پێوستە خەختی لەسە بکرێتەوە لای توێژەر کاتێك هەڵبژاردنەکانی دادەنێ. یاخود کاتی دانانی فۆرمی راپرسی توێژینەوە. پێوستەتوێژەر دیاردیەکی دیارکراو پێوانە بکات کاتێك دڵنیابوو لە راستی پێوەرەکە دەتوانێ هەڵبژاردەی راست دیاری بکات. (ناصر 2004، 43)، توێژەر بۆ دەستکەوتنی پێوەری راستی پشت بە (5) پسپۆری ئەکادیمی لەبوارەکانی(راگەیاندن و ئامار) بەستووە، دوایی هەڵسەنگاندنی پسپۆران و ئەنجامدانی کاری ژمێریاری بۆ فۆرمەکاندەرکەوتووە سەدی راستی رواڵەتی بریتیە لە (91.67% )مانای وایەراستی فۆرمەکە ژمارەی رێژەیەکی بەرزی وەرگرتووە ئەمەش نیشانەی راستەقینەی راستییە بۆ پێوەرەکە و کۆکردنەوەی داتا و زانیاری لەسەر تاکی توێژینەوەکە.

## 7-رادەی جێگیری توێژینەوە:

لە رددەی جێگری توێژینەوە، رێگایەکی تر بەکارهێنانی هاوکێشەی( الفا کرونباخ) کە بەهاکەی پێوستە گەورەتر یا یەکسان بێت بە (0،6)، بۆ زانین و دلنیابوون لە رادەی جێگیری ئەم توێژینەوەیە، توێژەر هاوکێشەی (الفا کرونباخ) ی بەکارهێناوە، لەم توێژینەوەیەیش بەهاکەی بریتیە لە (0.773) کەئەمە بەهایەکی بەرزی رادەی جێگیری بۆ ئەنجامی پرسیارەکانی فۆرمی راپرسی پیشان دەدات. بۆ بینینی بەهای کۆی خشتەکان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕادەی جێگیری توێژینەوە

| بەها کرداری ئەلفا کرونباخ | کۆی گشتی برگەکان |
| --- | --- |
| 0.773 | 24 |

بەهای گشتی کرداری ئەلفا کرونباخ کە بۆ دەستنیشانکردنی ڕادەی جێگیری توێژینەوە

بە کۆی (24) برگە بریتە لە (0.773)

8-ئامرازە ئامارییە بەکارهینراوەکان:

بەمەبەستی شیکردنەوەی داتاکان،توێژەر بەشێك لەکەرەستە ئامارییەکانی بەکارهێناوە گرنتریان(SPSS)واتە (STATISTICAL PACKAGE FOR SOCIAL SCINCE) واتە شیکردنەوەی داتا ئاماری لەرێگەی ئەم بەرنامەیە کە بەسیستەمێکی پێشکەوتوو و گرنگ دادەنرێت، بۆ ئەم شیکردنەوی داتاکان.ئەم یاسایانەی خوارەوە بەکار هاتووە:-

یاسای ڕێژەیی سەدەی.

$$\% = \frac{\text{بەش}}{\text{کۆ}} \times 100$$

یاسایی ڕێژەی لەگەڵ بوون.

$$\text{ڕێژەی لەگەڵ بوون} = \frac{\text{ناوەند ژمێریاری}}{5} \times 100$$

یاسایی ناوەندی ژمێریاری کێشکراو

$$x_{\bar{w}} = \frac{\sum x_i \, w_i}{\sum w_i}$$

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

یاسایی لادانی پێوانەیی

$$S.D=\sqrt{\frac{\sum(x_i-x^-)^2}{n-1}}$$

یاسایی پێرسۆن بۆ پەیوەندییەکان.

$$\frac{\sum(x_i-x^-)(y_i-y^-)}{\sqrt{\sum(x_i-x^-)2-\sum y_i-y^-)2}}$$

هاوکێشەی لاری کاریگەری ( x ) لەسەر ( y )

y=b0+b1x1+ci (G.Bluman 2009, 714)

## دووەم: شیکردنەوەی فۆڕمی ڕاپرسی و خستنەڕووی زانیارییەکانی توێژینەوە

### یەکەم: ئاماری وەسفی

لە لایەنی رەگەزی لێتوێژراوی توێژینەوە روون دەکاتەوە، رەگەزی نێر لە لیتوێژراو توێژینەوە بەرێژەیی(62.0%) بە پلەی یەکەم هاتووە بە (67) دووبارە بوونەوە، ڕەگەزی مێ لە لێویژراوی توێژینەوە بە پلەی دووەم دێت بەرێژەیی (38.0%) وە بە (41) دووبارەبوونەوە0

لێرەدا بۆمان روون دەبێتەوە کە زۆرینەی کارمەندانی پەیوەندییە گشتییەکان لە وەزارەت و فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێك هاتوون لە رەگەزی نێر " لەگەڵ ئەوش دا ڕێژەیەکی گونجاو لە رەگەزی مێ لە پەیوەندییە گشتییەکانی وەزارەت وفەرمانگەکان بوونیان هەیە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە لایەنی تەمەنی لێتوێژراوی توێژینەوە روون دەکاتەوە، هەردوو تەمەنی (33-37 سال, 38-42سال)لە لیتوێژراو توێژینەوە بەرێژەیی(32.4%) بە پلەی یەکەم هاتوون بە (35) دووبارە بوونەوە، تەمەنی(43 - 47 سال) لە لێویژراوی توێژینەوە بە پلەی دووەم دێت بەرێژەیی (18.5%) وە بە (20) دووبارەبوونەوە هەروەها لە پلەی سێیەمدا تەمەنی (28 - 32 سال) بەرێژەیی(9.3%) وە بە (10)دووبارەبوونەوە دێت، لە پلەی چوارەمدا تەمەنی (48 سال و زیاتر) بەرێژەیی (4.6%) بە (5) دووبارە بوونەوە، لە پلەی پێنچەم و کۆتاییدا تەمەنی (23 – 27 سال) دێت بەرێژەیی(2.8%). لە لایەنی ئاستی بروانامەی لێتوێژراوی توێژینەوە روون دەکاتەوە، بروانامەی بەکالۆریۆس لە لیتوێژراوانی توێژینەوە بەرێژەیی(48.1%) بە پلەی یەکەم هاتوون بە (52) دووبارە بوونەوە، بروانامەی ماستەر لە لیتوێژراوانی توێژینەوە بە پلەی دووەم دێت بەرێژەیی (22.2%) وە بە (24) دووبارەبوونەوە هەروەها لە پلەی سێیەمدا بروانامەی دبلۆم لە لیتوێژراوانی توێژینەوە بەرێژەیی(15.7%) وە بە (17)دووبارەبوونەوە دێت، لە پلەی چوارەمدا بروانامەی ئامادەیی لە لیتوێژراوانی توێژینەووە بەرێژەیی (11.1%) بە (12) دووبارە بوونەوە، لە پلەی پێنچەم بروانامەی دکتۆرا لە لیتوێژراوانی توێژینەوە بەرێژەیی(1.9%) وە بە (2)دووبارەبوونەوە دێت، لە پلەی شەشەم و کۆتاییدا بروانامەی ناوەندی لە لیتوێژراوانی توێژینەوە بەرێژەیی(0.9%) بە (1)دووبارەبوونەوە.

لەم خشتەی سەرەوە بۆمان روون دەبێتەوە کە زۆرینەی کارمەندانی پەیوەندییە گشتییەکان لە وەزارەت و فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان خاوەنی بروانامەی بەرزی زانکۆیین وەك لەخشتەکەدا دەرکەوتووەکە کە زیاتر لە نیوەی لێتوێژراوانی توێژینەوە هەڵگری بەروانامەی بەکالۆریۆس و ماستەرن.

دووەم: شیکردنەوی پەیوەندییەکان Correlation Analysis

خشتەی(1) پەیوەندی ئاماری نێوان گۆراوە سەرەکیەکانی توێژینەوە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پەیوەندی نیوان/Correlations

| | | پەیوەندیە گشتیەکان | رای گشتی | بەرەنگاربونەوەی گەندڵی |
|---|---|---|---|---|
| پەیوەندیە گشتیەکان | Pearson Correlation | 1 | .535**0 | .467**0 |
| | Sig. (2-tailed) | | 0.000 | 0.000 |
| رای گشتی | Pearson Correlation | .535**0 | 1 | .448**0 |
| | Sig. (2-tailed) | 0.000 | | 0.000 |
| بەرەنگاربونەوەی گەندڵی | Pearson Correlation | .467**0 | .448**0 | 1 |
| | Sig. (2-tailed) | 0.000 | 0.000 | |

**. Correlation is significant at the 0.01 level (2-tailed).

بەپێی ئەو ئەنجامەی خشتەی(1) سەرەوە کە تایبەتە بە پەیوەندی نێوان گۆڕاوە سەرەکیەکانی توێژینەوەکەن (پەیوەندییە گشتیەکان، ڕای گشتی،-بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی) دەرکەوتوە کەوا پەیوەندی نێوان (پەیوەندییە گشتیەکان، ڕای گشتی) پەیوەندییەکی ڕاستەوانەی بەهێز و کاریگەرە کە بڕەکەی بەپێی یاسای (بێرسۆن) یەکسانە بە ($0.535^{**}$) و بە بەهای ئەگەری((p-value=0.000 کە بجوکترە لە ئاستی کاریگەری(هەڵەی ڕێپێدراو) کە یەکسانە بە($\alpha = 0.05$)، بۆیە کاریگەرە.

هەروەها دەرکەوتوە کەوا پەیوەندی نێوان (پەیوەندییە گشتیەکان- بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی) پەیوەندییەکی ڕاستەوانە و بەهێز و کاریگەرە کە بڕەکەی بەپێی یاسای (بێرسۆن) یەکسانە بە ($0.467^{**}$) و بە بەهای ئەگەری ((p-value=0.000کە بچوکترە لە ئاستی کاریگەری(هەڵەی ڕێپێدراو) کە یەکسانە بە($\alpha = 0.05$)، بۆیە کاریگەرە.

دەرئەنجام هەردوو پەیوەندی ڕاستەوانەن و کاریگەرن، بەڵام پەیوەندی نێوان (پەیوەندییە گشتیەکان، ڕای گشتی) بەهێزترە لە پەیوەندی نێوان (پەیوەندییە گشتیەکان،بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## سێیەم: شیکردنەوە کاریگەری Regression Analysis

شیکرنەوەی کاریگەری بریتیە لە دۆزینەوی کاریگەری (گۆڕاوی سەربەخۆ) لەسەر (گۆڕاوی پشتبەستوو) بەبەکارهێنانی هاوکێشەی لاری: $y=b_0+b_1x_1+e_i$

خشتەی(2) کاریگەری پەیوەندییە گشتیەکان لەسەر ڕای گشتی

**کورتکراوەی مۆدیل/Model Summary**

| Model | R | R Square | Adjusted R Square | Std. Error of the Estimate |
|---|---|---|---|---|
| 1 | .535[a] | 0.286 | 0.279 | 0.37797 |

a. Predictors: (Constant), پەیوەندیە.گشتیەکان

**شیکردنەوەی پەرش و بڵاو/ANOVA[a]**

| Model | | Sum of Squares | df | Mean Square | F | Sig. |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | Regression | 6.063 | 1 | 6.063 | 42.440 | .000[b] |
| | Residual | 15.143 | 106 | 0.143 | | |
| | Total | 21.206 | 107 | | | |

a. Dependent Variable: ڕای.گشتی

b. Predictors: (Constant), پەیوەندیە.گشتیەکان

**هاوکۆلکە /Coefficients[a]**

| Model | Unstandardized Coefficients | Standardized Coefficients | t | Sig. |
|---|---|---|---|---|

| | | B | Std. Error | Beta | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | (Constant) | 1.444 | 0.368 | | 3.925 | 0.00 0 |
| | پەیوەندیە.گ شتیەکان | 0.602 | 0.092 | 0.535 | 6.515 | 0.00 0 |
| a. Dependent Variable: ڕای.گشتی | | | | | | |

بەپێی ی ئەو ئەنجامەی لە خشتە (2) دا ڕوونکراوەتەوە کە تایبەتە بە کاریگەری (پەیوەندییە گشتیەکان) وەک (گۆڕاوی سەربەخۆ) لەسەر (ڕای گشتی) وەک (گۆڕاوی پشتبەستوو) بەبەکارهێنانی هاوکێشەی کاریگەری(Regression Equation).

هەروەک ڕوونە لە خشتە(Model Summery-8) پێوەری ($R^2$) کە یەکێکە لە پێوەرە ئامارییە گرنگەکان بۆ هەڵسەنگاندنی مۆدێلی خەملێنراو لێرەدا هەروەک ڕوونە ($R^2$) یەکسانە بە (%٢٨.6)) واتە ئەوگۆڕانکاریانەی ڕوودەدات لە (ڕای گشتی) (%٢٨.6) دەگەڕێتەوە و بەهۆکاری (پەیوەندییە گشتیەکان) بووە.

هەروەها خشتەی (ANOVA) بەکاردێت بۆ پشکنینی هاوکێشەی کاریگەری بە شێوەیەکی گشتی (مۆدیلەکەگاریگەری هەیە یان نا؟) بەپێی ئەو ئەنجامەی سەرەوە دەرکەوتوە کەوا بەهای F-test=42.440) بە بەهای ئەگەری (p-value=0.000)کە بجوکترە لە ئاستی کاریگەری(هەڵەی ڕێپێدراو) کە یەکسانە بە($\alpha = 0.05$) واتە مۆدێلەکە کاریگەریەکی بەهێزی ئاماری هەیە بەگشتی.

بەنسبەت خشتەی (Coefficient-2)کە تایبەتە بە خەملاندنی هاوکێشەی کاریگەری وەک لە خوارەوە ڕوونکراوەتەوە

$$y=b_0+b_1x_1+e_i$$

$$y=1.444+0.602x_1$$

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕای گشتی)*1.444+0.602= پەیوەندییە گشتیەکان)

لێردا هەروەک دەبیینین لە خشتەی (Coefficient) هاوکێشەی کاریگەری خەملێنراوە کە تیایدا روونە کاریگەری (پەیوەندییە گشتیەکان) بە بەهای (b1=0.602)کاریگەرە لەسەر (ڕای گشتی) واتە ئەگەر (پەیوەندییە گشتیەکان) بەبەهای (یەک یەکە) بگۆڕێت ئەوە (ڕای گشتی) بەبەهای(0.602) دەگۆڕێت ئەو ئەنجامە پشتبەستە بە بەهای (t-test)کە بەکاردیت بۆ پشکنینی بەهای کاریگەری (b1=0.602) کە یەکسانە بە (t-test=6.615) بەبە بەهای ئەگەری (p-value=0.000) کە بچوکترە لە ئاستی کاریگەری(هەڵەی ڕێپێدراو) کە یەکسانە بە (α = 0.05) واتە گاریکەرە.

خشتەی(3) کاریگەری پەیوەندییە گشتیەکان لەسەر بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی

**Model Summary**

| Model | R | R Square | Adjusted R Square | Std. Error of the Estimate |
|---|---|---|---|---|
| 1 | .535[a] | 0.286 | 0.279 | 0.37797 |

a. Predictors: (Constant), پەیوەندیە.گشتیەکان

**ANOVA[a]**

| Model | | Sum of Squares | df | Mean Square | F | Sig. |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | Regression | 6.063 | 1 | 6.063 | 42.440 | .000[b] |
| | Residual | 15.143 | 106 | 0.143 | | |
| | Total | 21.206 | 107 | | | |

a. Dependent Variable: ڕای.گشتی

b. Predictors: (Constant), پەیوەندیە.گشتیەکان

**Coefficients[a]**

| Model | | Unstandardized Coefficients | | Standardized Coefficients | t | Sig. |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | B | Std. Error | Beta | | |
| 1 | (Constant) | 1.444 | 0.368 | | 3.925 | 0.000 |
| | پەیوەندیە.گشتیەکان | 0.602 | 0.092 | 0.535 | 6.515 | 0.000 |

a. Dependent Variable: ڕای.گشتی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەپێی ئەو ئەنجامەی لە خشتە (3) دا روونکراوەتەوە کە تایبەتە بە کاریگەری (پەیوەندییە گشتیەکان) وەک (گۆڕاوی سەربەخۆ) لەسەر (بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی) وەک (گۆڕاوی پشتبەستوو بەبەکارهێنانی هاوکێشەی کاریگەری.(Regression Equation)

هەروەک روونە لە خشتە3 (Model Summery) پێوەری ($R^2$) کە یەکێکە لە پێوەرە ئامارییە گرنگەکان بۆ هەڵسەنگاندنی مۆدێلی خەملێنلراو لێرەدا هەروەک روونە( $R^2$ ) یەکسانە بە (%٢١.٩) واتە ئەوگۆڕانکاریانەی روودەدات لە (بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی) (%٢١.٩) دەگەڕێتەوە و بەهۆکاری (پەیوەندییە گشتیەکان) بووە.

هەروەها خشتەی(ANOVA) بەکاردێت بۆ پشکنینی هاوکێشەی کاریگەری بە شیوەیەکی گشتی (مۆدیلەکەگاریگەری هەیە یان نا؟) بەپێی ئەو ئەنجامەی سەرەوە دەرکەوتوە کەوا بەهای(F-test=29.644) بە بە بەهای ئەگەری (p-value=0.000)کە بجوکترە لە ئاستی کاریگەری(هەڵەی رێپێدراو) کە یەکسانە بە) ($\alpha = 0.05$)، واتە مۆدێلەکە کاریگەریەکی بەهێزی ئاماری هەیە بەگشتی.

بەنسبەت خشتەی (Coefficient-3) کە تایبەتە بە خەملاندنی هاوکێشەی کاریگەری وەک لە خوارەوە روونکراوەتەوە:

$$y=b_0+b_1x_1+e_i$$

$$y=1.390+0.574x_1$$

(پەیوەندییە گشتیەکان) * 1.444+0.574= بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لێردا هەروەک دەبیینین لە خشتەی (Coefficient) هاوکێشەی کاریگەری خەملێنراوە کە تیایدا روونە کاریگەری (پەیوەندییە گشتیەکان) بە بەهای (b1=0.574) کاریگەرە لەسەر (بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی) واتە ئەگەر (پەیوەندییە گشتیەکان) بەبەهای (یەک یەکە) بگۆڕێت ئەوە (بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی) بەبەهای(0.574) دەگۆڕێت ئەو ئەنجامە پشتبەستە بە بەهای (t-test) کە بەکاردیت بۆ پشکنینی بەهای کاریگەری (b1=0.574) کە یەکسانە بە (t-test =5.445)بەبە بەهای ئەگەری (p-value=0.000)کە بجوکترە لە ئاستی کاریگەری(هەڵەی رێپێدراو) کە یەکسانە بە ($\alpha$ = 0.05)واتە گاریکەرە.

## دەرئەنجام

لەکۆتایی ئەم توێژینەوەماندا گەیشتوون بەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:

1. پەیوەندییە گشتییەکان رۆڵی کارا و بەرچاوی هەیە لەدروستکردنی ڕای گشتیدا ، ستراتیژ و میکانیزم و بەرنامەی تایبەتی خۆی هەیە بۆپرسەگرنگەکان. ئەمەش پاڵپشت بە دەرئەنجامی ڕاپرسیەکەمان کە زۆرترین لێتوێژراوانی توێژینەوە بەڕێژەیی 75.56% لەگەڵن.
2. بەرپرسیارەتی پەیوەندییە گشتییەکان لە دەزگاکاندا ، ئەوەیە بەرژەوەندی جەماوەر بکاتە کارێکی سەرەکی ئیدارەدانی پەیوەندییە گشتییەکان جەماوەر و دامەزراوە و بەرێوەبەرایەتی و دەوڵەت هۆشیاریەکی تایبەتیان سەبارەت بە پەیوەندییە گشتیەکان هەیە، کە زۆرترین لێتوێژراوانی توێژینەوە بەرێژەیی77.96% لەگەڵن.
3. گرنگی دروستکردنی رای گشتی لە بابەتەکانی کارگێری و داراییەکاندا، هۆکارێکە بۆ کەمکردنەوەی گەندەڵی کە زۆرترین لێتوێژراوانی توێژینەوە بەرێژەیی76.48% لەگەڵن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

4. بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی دۆزێکی نیشتمانیی هەمەلایەنە و لە بەرەنگاربوونەوەیدا تەواوی جەماوەر و دامەزرواەکان بەشداری دەکەن و پەیوەندییە گشتییەکان و ڕای گشتیش دەتوانن لەو بەرەنگاربوونەوەیەدا ڕۆڵێکی بەرچاو بگێڕن ئەوەش بە گوێرەی میکانیزم و بەرنامەی زانستی وا کە ببێتە مایەی هێنانەئارای ژینگەیەکی تەندروست و لەبار، کە زۆرترین لێتوێژراوانی توێژینەوە 75.56% لەگەڵن.

## ڕاسپاردە

1. پەیوەندییە گشتییەکان زانست و هونەرێکی سەربەخۆیە، بۆیە پێویستە لە زانکۆ و پەیمانگا و دامەزراوە زانستیەکاندا وەك بەشێکی سەربەخۆ بخوێندرێ.
2. دەرکردنی یاسای تایبەت بە پەیوەندییە گشتییەکان و ڕۆڵی لە هەموو دامەزراوەکانی دەوڵەت و دیاریکردنی پەیوەندی نێوان بەڕێوەبەرایەتی و بەرپرسی پەیوەندییە گشتیەکان لە هێنانەدی ئەو خزمەتگوزاریەی کە دەوڵەت و دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگە پێشکەشی دەکەن.
3. جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی کە پێویستە کارمەندانی پەیوەندییە گشتیەکان لە دەزگا و دامەزراوەکان کەسانی شارەزا و پسپۆر و ئەکادیمی بن.
4. زەقکردنەوەی ڕۆڵی کارمەندانی پەیوەندییە گشتییەکان لەوەی کە ئەڵقەیەکی پەیوەندی گرنگی نێوان دامەزراوە و ڕێکخراوە و دەوڵەت و کۆمەڵگەیە و ڕۆڵی خۆی هەیە لە ڕازیکردن و کاریگەریخستنە سەر ڕەفتاری ئەوانی دیکە لە خزمەتکردنی بەرژەوەندی گشتی نەك بەرژەوەندی شەخسی و تایبەت.

**سەرچاوە:**پشت بەستن بە سیستەوی APA بۆ بەکارهێنانی سەرچاوەکان.

ا-سەرچاوە بەزمانی کوردی کوردییەکان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1. بۆکانی ,پ.ی.سابیر .*میتۆدی توێژینەوەی زانستی* .سلێمانی :خانەی چاپ و بلاوکردنەوەی چوارچرا .2016.
2. شوانی ,د .محمد .*سەرەتایەك بۆ نوسینی توێژینەوە لە کۆمەڵناسیدا* .اربیل :کتێبخانەی فێربوون، چاپی یەکەم.2015 .
3. شوانی ,د.محمد .*نوسنی توێژینەوە لە کۆمەلناسی* .هەولێر :چاپخانەی هێڤی.2015 .

ب-چاوپێکەوتن

4. بختیار ,لەنجە دەزەیی، زێدان بڕادۆستی ,سعید سلیمان, interview by نجم الدين حسن مصطفي . *دیدگای سیاسی* (7, 6, 202).
5. حاکم نادر هەرکی، أجرى المقابلة نجم الدين حسن مصطفي. *دیدگای یاسایی* (13, 7, 2020).
6. د.جوتیار عادل، أجرى المقابلة نجم الدين حسن مصطفي. *پەیوەندیە گشتیەکان و ڕای گشتی لە هەرێمی کوردستان لە نیوان واقع و ئامانجدا* (20, 7, 2020).
7. فەیسەڵ خەلیل،محمود اسماعیل، نوری بێخاڵی، أجرى المقابلة نجم الدين حسسن مصطفي. *دیدگای ڕۆژنامەوانی* (27, 7, 2020).

ج-سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی

8. التميمی ,د.عبدالرحمن .*منظمات مجتمع المدنی دوروها فی مکافحه الفساد* .فلسطين :هيئة مكافحة فساد -دولة فلسطين.2013 ,
9. الزيباری ,د .طاهر حسو .*أساليب البحث العلمی فی علم الاجتماع* .بيروت-لبنان :مجد المؤسسه الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع.2011
10. الكبيسی ,د .عامر .*الفساد و العولمة* .العراق :المكتب الجامعي الحديث.2005
11. د. عامر حسن فياض. *الرإي العام و حقوق الانسان*. عمان: دار زهران للنشر و التوزيع- عمان، 2006.
12. د. عامر خضير الكبيسي. *استراتيجيات مكافحة الفساد و مالها و ما عليها* . الرياض: جامعة نايف للعلوم الامنية، 2006.
13. د.حسين ,محمد سمحان .*التنظيم الاداري في الاجهزة الحكومية واثرة علي الولاء الوظيفي* .مصر-قاهرة : مجموعة خبراء الناشر المنظمة العربية للتنمية الادارية.2014
14. عامر ,فتحي حسين .*الرإي العام الالكتروني* .مصر :دار النشر للجامعات القاهرة ط.2012 ,1
15. كافي ,د.مصطفي يوسف .*العلاقات العامة* .عمان-الاردن :دار الحامد للنشر و التوزيع.2015
16. ناصر ,ابراهيم .*التنشئة الاجتماعية* .عمان :دار عمار.2004

د- نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا

17. یابة ,جمال انور.*تقويم و تطوير النظام المحاسبي الحكومي في أقليم كورستان العراق* .اربيل :رسالة ماجستير مقدمة الي كلية الادارة و الاقتصاد جامعة صلاح الدين.2005

و- سەرچاوەی ئینگلیزی

18. G.Bluman, Allan. *Elementary statistics*. New York: acid-free paper, 2009.

خ- گۆڤار

19. العزاوي ,د.مهند.*الكاردينا مجلة الثقافية عامة*. 10 17, 2019. https://algardenia.com/maqalat/41439-2019-09-01-10-17-12.html (accessed 8 10, 2020).

ر-پێگەیی ئەلیکترونی

20. ابراهيم ,جميل عوده.*شبكه النبأ المعلوماتيه*. 7 13, 2017. https://m.annabaa.org/arabic/rights/11768 (accessed 8 10, 2020).

21. بدر ناصر حسين. *uobabylon*. 17 9, 2018. 77296lcid=&4depid=&8http://www.uobabylon.edu.iq/uobColeges/lecture.aspx?fid= (تاريخ الوصول 7 28, 2020).

22. حسين ,قاضي كمال.*جمهورية العراق-مجلس قضاء الاعلى*. 1 17, 2017. https://hjc.iq/view.3630/ (accessed 8 5, 2020).

23. عنصر ,العياشي.*انسانيات*. https://journals.openedition.org/insaniyat/11257 3 27, 2000. (accessed 8 15, 2020)

# Public Relations Role in Combating Corruption in the Kurdistan Region

***Field research-study***

**Dr. Hoshiar Muzaffar Ali**
Department of Media, College of Art, Salahadin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Hoshyar.ali@su.edu.krd

**Najmadin Hassan Mustafa**

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

Department of Media, College of Art, Salahadin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Najmh211@gmail.com

**Abstract**

This is a descriptive field study that the researcher uses exact statistical methods of planimetry in the aim of collecting the real and detailed data and information. The main objective of this research is to analyze the public relations and the improvement in public relations regarding the mechanisms, agenda, strategy, and theories that are needed to build public opinions for the benefit of the society.

This study was conducted among public relation employees that work in all the offices and affairs under the mandate of the Public Relation Department in the Kurdistan Regional Government (KRG). The qurestionnnaires were distributed among (108) employees on August 1, 2020. The data was collected on September 1, 2020. The significant methods of the data collection were interviews, written notes, and survey. The survey was separated into 24 questions. Also, the resercher uses the SPSS program application for analyzing statistical data and demonistrating the outcomes. However, the most important outcomes of this research are that the public relations has a significant role in creating the public opinions. In addition, the public relations has its own strategy and mechanism for the important and popular cases in the community, and this has been based on the research results and almost 75.56% of the research participants was agreed with the motion.

Furthermore, the public opinion has been taken into consideration form the perspective of the community as well as the Kurdistan Regional Government (KRG) institutions. The public opinion is also represents the majory of the community members as this confirmed by the majority of the research participants (83.33%). The research findings present some recommendations that the public relations (PR) in the the government institutions should be independent. That is, the public relations should not be linked to any other departments and/or entities. In addition, the research also recommends that the public relations should be studied as an independent study program in educational institutions and the universities.

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

---

# دور العلاقات العامة في مكافحة الفساد في إقليم كوردستان

**ملخص:**

يتمحور موضوع البحث حول أثر العلاقات العامة على الرأي العام ومن خلاله على مكافحة الفساد، حيث تم الدراسة على 108 من موظفي العلاقات العامة في الوزارات والدوائر الحكومية في اقليم كوردستان العراق، وتم توزيع وتجميع الاستبيان في الفترة ما بين 1-8-2020 الى 1-9-2020، وكان أهم أدوات البحث وجمع المعلومات هي المقابلات الشخصية وورقة الاستبيان المتكونة من 24 سؤال رئيسي، وقد تم تحليل البيانات بواسطة برنامج (spss).

وتوصل البحث الى عدة نتائج من أهمها ان للعلاقات العامة دور فعال وبارز في صنع الرأي العام، وذلك استنادا لنتائج الاستبيان التي أظهرت بأن نسبة 75.56% مع هذا الرأي، كما وأن المجتمع والمؤسسات في الاقليم يعيرون اهتماما كبيرا بالرأي العام حيث ان الرأي العام يعبر عن رأي الأغلبية وإرادة الشعب وهذا ما تبين من خلال نتائج الاستبيان حيث كان الرأي المؤيد بهذا الاتجاه بنسبة 83.335.

كما وان البحث أوصى بضرورة استحداث قسم خاص بالعلاقات العامة في جميع مؤسسات الدولة على أن يكون لهذا القسم استقلالية وأن لايكون تابعا لأي قسم آخر، كما ويجب أن يكون جزءا من المنهج الدراسي في الجامعات والمعاهد والمؤسسات التعليمية.